# کورتە وەڵامێکی ( باوکی حارث ) بۆ تەکفیری و حیزبیەکانی کە خۆیان حەشارداوە لە پشتی ناوی سەلەفی!

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه اجمعين اما بعد:

زۆرن ئەوانەی دژایەتی سەلەف و بانگەوازی سەلەف ئەکەن و چاویان هەڵنایە بەبانگەوازی سەلەف! بەڵام بە فەزڵی خوای بەرز ئەگەر هەر کەسێ ڕاست گۆبێ لە بانگەشەی سەلەفیەتەکەی ئەزانێ سەرکەوتووە لە دونیاو قیامەت و گێژاوی تەکفیری و موبتەدیعەکان زیانی پێناگەینێ! سەلەف ئەوەی بەردەوام لەبەر چاوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ: «لَا يَزَالُ مِنْ أُمَّتِي أُمَّةٌ قَائِمَةٌ بِأَمْرِ اللَّهِ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ وَلَا مَنْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ عَلَى ذَلِكَ» . مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

جا ئەوانەی بە ئاشکرا دژایەتی سەلەفیەکان و مەنهەجی سەلەف ئەکەن الحمد لله دیارن و پێویست بە باس کردنیان ناکات!

بەڵام بەداخەوە کەسانێك کە خۆیان بەسەلەف ئەزانن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەلەفین کەچی بوختان و ناوو ناتۆرە بۆ سەلەفیەکان دروست ئەکەن و بەرگری بەتاڵ لە ئەهلی بیدعە ئەکەن!

ئەوانە هەیانە سبحان الله لە ڕوێکی سەلەفیەو لە روێکی تری حەنینی تەکفیریان هەیەو بڕوایان بە دەرچوون هەیە لەسەر سەرکردەکان! کە ئەوە پێچەوانەی بنچینەی ئەهلی سوننەو جەماعەتە وەك دوایی ئەبینن لە ووتەی شێخی ئیسلام ابن تیمیە رحمە الله.

بەڕاستی بەداخەوە کە کەسانێك هەبن خۆیان بەسەلەف بزانن کەچی بێن بوختان بکەن بۆ سەلەفیەکان و ناوو ناتۆرەیان بۆ دروست بکەن!

وە بەداخەوە کەسێك دەنگێکی داندراوە کە قسەو بوختان هەڵدەبەستێ بۆ شێخ حمدی سەلەف وسەلەفیەکان بەوەی تۆمەتباری ئەکا بەوەی موالاتی بۆ حیزبێکی عەلمانی هەیەو نوێژی بەیانی ناکات و دەبێ وەرەقەو خەتمی زەرد بەریتە لای تا قبوڵت بکات!

بێجگە لەوەش لە نوسێنێکی حەنینی تەکفیری جولاوەو سەلەفیەکان کە ئەو پێیان دەڵێ مەدخەلی تۆمەتبار ئەکا بە وەلا بۆ عەلمانی!!!

دەڵێم : خوای بەرز فێری کردوین بوختان ببیستین بڵێین:﴿سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ﴾!

دەتەوێ وا نیشان بدەی کە سەلەف حیزبیەتی بەناو ئیسلامیان پێ دروست نیە بەڵام هی عەلمانیان پێ دروستە! ئەوە مەگەر لەخەو بیستوتە ئەگینا ئەوە واقیع بیسەلمێنە مامۆستایەکی سەلەف حیزبایەتی بە دروست زانیبێ بەهەر ناوێکەوە بێ چونکە ئەگەر ئەوەت سەلماند ئەبێتە بەڵگەی ئەوەی ئەو مامۆستایە تەزویرەو سەلەف نیە!

اعوذ بالله لە کەسێك حیزبایەتی بە ناوی عەلمانی بەدروست بزانێ!

ئەوە من قوتابیەکی سەلەفیم لەمنی وەربگەرە حیزبایەتی گومڕایی و سەرلێشێواویە بەناوی ئیسلام بێ یان بەناوی عەلمانی! بەناوی عەلمانی بێ ئەوە گومڕاییەکە دیارە والحمد لله! وە ئێمە بۆیە زیاتر ڕەددی ئەوە ئەدەینەوە کە بەناوی ئیسلام حیزبایەتی ئەکا چونکە خەڵکی موسڵمانیان پێدەخەڵەتێ بە ناوی دین عەلمانیەکان بە دونیا خەڵك دەخەڵەتێنن! لەگەڵ ئەوەش بەڵێ حیزبایەتی حەرامەو هیچ کەسێك بۆی دروست نیە حیزبایەتی بکات بە هیچ ناوێك و لەپشت هیچ پەردەیەك!

لەبیریشت بێ حیزبە ئیسلامیەکان هاوبەشی عەلمانیەکانن و بەشدارن لەگەڵیان لە پرۆسەی دیموکراتی! ! !

وە ئەو هەڵوێستەش مانای نیە کەسێکی موسڵمان بگۆڕینەوە بە کەسێکی کافر! یەکەم ئەوەی تەکفیریەکان بە کافری ئەزانن مەرج نیە لای سەلەفی بە کافری بزانین وەك سەرۆکی هەرێم و حکومەت تەنانەت سەرۆکی حیزبە ئیسلامیەکانیش بە موسڵمانیان ئەزانن ئیتر ئەو چەواشە بۆچی♦ ؟! دووەم سەلەفی دەڵێ حیزبە ئیسلامیەکان کافر نین بەڵکو موبتەدیعن و هەر لە چوار چێوەی ئیسلام ماونەتەوە بەڵام برایەتیمان بە گوێرەی ئەوەیە کە پەیوەستیان چەندە بە ئیسلامەوە! برامانان حەقیان هەیە لەسەرمان بەڵێ ئەوە وامان لێدەکا بۆیان دڵسۆز بین وئامۆژگاریان بکەین بەوەی واز بێنن لە بیدعەو حیزبایەتی! ئەگەر ئێوە فێرن لەسەر بوختان بژین و درۆ هەڵبەستن بۆ سەلەفیەکان! ئەوە بزانن سەلەفی بوختانی بۆ کەس نەکردیە دە فەرموو ئەوە پێگەو وتارو

---

♦ سەیر لێرە ئەوەیە ئێمە ئەڵێین سەرکردەکان کافر نین بەڵام تاوانبارن بەوەی حوکمی شەریعەت جێبەجێ نەکەن تەنها ئەوەیە مادام موسڵمانن دروست نیە لەسەریان دەرچین ئەوەش لە بنچینەکانی ئەهلی سوننەو جەماعەتە، بەڵام سوێند بەخوای بەرز سەرۆکی حیزبە ئیسلامیەکان نەك ئەو سەرکردانە کافر ناکەن بەڵکو بەشێوەیەکیش مەدحیان ئەکەن وبەڕویان پێئەکەنن و دەبنە هاوبەشی لیستەکانیان و ئەندام پەرلەمان و وەزیرو گزیریان کە من پەنا بەخوای بەرز ئەگرم لەوەی توشی ئەو گومڕاییە ببم! بەڵام فەرموو حەنینی تەکفیری هەندێکیان ئەجولێو عەیبمان لێدەگرێ بەس لەبەر ئەوەی ئەو سەرکردانە کافر ناکەین خۆشیان خۆزگە حیزبە ئیسلامیەکان و ئەوانەی حەنینیان هەیە بۆیان یەك ڕویان هەبێو ڕاشکاوانە ڕاپبگەینن بڕوایان چیە ئایا بە کافریان ئەزانن یان بە موسڵمان! ؟ وە بڕوای خۆیان لە هەموو شتێك با ڕاشکاوانە ڕابگەینن نەك چەند ڕوو بن بیریان ئەخەمەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( تجد من شر الناس يوم القيامة عند الله ذا الوجهين الذي يأتي هؤلاء بوجه وهؤلاء بوجه) رواه البخاري ومسلم واتە : ( ئەبینیەوە لە ڕۆژی قیامەت لای خوا خراپترین کەس ئەوەیە کە دوو ڕوو بووە ئەوەی یەتە لای ئەو کۆمەڵە بە ڕووەك و یەتە لای ئەوانی تر بە ڕووەکی تر ) .

وە سەیری صەحیحی بوخاری بکەن (بَابُ مَا يُكْرَهُ مِنْ ثَنَاءِ السُّلْطَانِ، وَإِذَا خَرَجَ قَالَ غَيْرَ ذَلِكَ) حَدَّثَنَا أَبُو نُعَيْمٍ، حَدَّثَنَا عَاصِمُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ زَيْدِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ، عَنْ أَبِيهِ، قَالَ أُنَاسٌ لِابْنِ عُمَرَ: إِنَّا نَدْخُلُ عَلَى سُلْطَانِنَا، فَنَقُولُ لَهُمْ خِلاَفَ مَا نَتَكَلَّمُ إِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِهِمْ، قَالَ: «كُنَّا نَعُدُّهَا نِفَاقًا» ئەوە پرسیاریان کردووە لە ابن عمر رضي الله عنهم کە دەچینە لای سەرکردەکانمان شتێك ئەڵێین دێینە دەرەوەش شتێکی تر ئەویش فەرمووی : (ئەوەمان بەنیفاق ئەزانی) یانیی لەسەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه على اله وسلم.

الحمد لله سەلەفی دوو ڕووی نیە ئەوەی هەیە بەئاشکرا ئەینوسین وئەیلێین و بڵاوی ئەکەینەوە بەڵگەکانیشمان چاوی دوژمنانی سەلەفی کوێر ئەکا ! بەڵام دوژمنانی بانگەوازی سەلەفی وەڵامیان بە بوختان ودرۆ هەڵبەستانە جوعبەکەیان ئەوەندەی تێدا!

نوسینەکان چیمان بوختانە دیاری بکەن! ئەگەر ڕاستگۆن!؟ وە دڵنیاش بن وەڵاممان ئەبێ بۆ بوختان وچەواشەکان و حەقیقەتی ئەوانەش دەرئەخەین کە دەیانەوێ لەسەر بوختان بۆ سەلەفیەکان بژین!

وە من ڕایدەگەینم ئەوە بوختانەکی شاخدارە بۆ شێخ حمدی سەلەفی ئەو زانایەکی بەڕێزەو من چەندین جار بەخزمەتی گەیشتووم سوێند بەخوا کەسێکم نەبینیە وەك ئەو جورئەتی هەبێ لە ووتنی حەق وە خۆم دانیشتووم پرسیاریان لێکردووە ئایا دروستە کەسێك کە تەخەرروج بکات لە جامیعەو بیەوێ دابمەزرێ بچێ ئیمزا بکات بۆ حیزبی زەرد! ووتی نەخێر! پرسیار کەر ووتی ئەگەر ئیمزا نەکا شوێنی کە شایەنیەتی نایدەنێ شێخ ووتی: سەلەفی شوێنی گرنگی ناوێ دونیای ناوێ!

ئەوە قسەی شێخە کەچی ئەو کەسە بۆختانی بۆ دەکات بەوەی ئەوەی تەزکیەی زەردی نەبێ قبوڵی ناکا!

تاوانی بوختان کردن گەورەیە جا بۆ زانایانیش بێت!

**تاوانی بوختان کردن :** خوای بەرز ئەفەرموێ :﴿وَمَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾ النساء 112 واتە : (وە هەر کەسێ تاوانێکی بچووك یان گەورە بە نەزانی یان بە عەمدەن بکات و پاشان بیگرێتە –بیخاتە سەر کەسێکی– بێتاوان و بێئاگا ئەوە بە تەئکید بوختانێك –درۆیەك– و تاوانێکی ئاشکرای کردووە–کە تاوانێکی گەورەیە بە سەریەوە–) .

پێغەمبەریش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من حالت شفاعته دون حد من حدود الله فقد ضاد الله في أمره ، و من مات و علیه دین فلیس ثم دینار و لا درهم و لكنها الحسنات و السیئات ، و من خاصم في باطل وهو یعلم لم یزل في سخط الله حتى ینزع ، و من قال في مؤمن ما لیس فیه حبس في ردغة الخبال حتى یأتي بالمخرج مما قال ) سلسلة الاحادیث الصحیحة 437 واتە : ( ئەوەی بە شەفاعەتی ئەو حەددێك لە حەددەکانی خوا مەنع بکرێ –بەهۆی شەفاعەتی ئەو تاوان بارێك کە حەددی لە سەرە پاش ئەوەی گەیشتووە بە قازی ئەو بچێ واستەی بۆ بکا ببێتە هۆیەك بۆ ئەوەی حەددەکەی لە سەر جێبەجێ نەکرێ– ئەوە دژایەتی و ڕکا بەرایەتی خوای کردووە لە فەرمانی ، وە هەر کەسێك دژایەتی و دەمە دەم و جیدال بکا لە سەر شتێکی باتڵ وە ئەشزانێ باتڵە ئەوە بەردەوام لە تووڕەیی خوا دایە هەتتا واز ئەهێنێ ، وە هەر کەسێ شتێ بڵێ لە دەربارەی بڕوا دارێك کە ئەو شتەی تیا نەبێ ئەوە حەبس ئەکرێ لە ناو قوڕاوی کێم و زوخاوی –ئەهلی جەهەننەم– هەتتا شتێ ئەهێنێ –حوججەیەك– کە پێی دەرچێ لەوەی ووتویەتی). وە چەندین دەقی ترمان هەن بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ کەسێك کەسە!

ئەوجا ئەو کەسە ویستویەتی خیلافی سەلەفیەکان وحیزبی و تەکفیریەکان کە ئەو لەوە ئەچێ حەنینی بۆیان هەیە بکاتە خیلافێکی شەخسی! یانی خیلاف بێ لەسەر شەخسی شێخ ربیع بن هادی المدخلی!

وە دەیەوێ ئەوە بڵێتە خەڵك کە سەلەفیەکان دژایەتی حزبی ئیسلامی ئەکەن و وەلایان هەیە بۆ عەلمانیەکان!

وە من ڕای دەگەینم بۆیە ئەو خەڵکە کەوتونەتە تۆمەتبار کردن و بوختان کردن بۆ سەلەفیەکان و دژایەتیان

ئەکەن تەنها لەبەر ئەوەی چاویان هەڵنایە بە بانگەوازی سەلەفی وبڵاو بوونەوەی بە فەزڵی خوا (ﷻ) بە جوهەدی ئەو مامۆستاو برا بەڕێزانەی لە کوردستانن بانگەوازی سەلەفی تەشەنەی کردووەو الحمد لله زۆرێك لەو مامۆستا بەڕێزانە ووتار خوێن و ئیمامی مزگەوتن و دەرسی شەرعی ئەڵێنەوەو هەندێ لەو مامۆستایانە خەریکی نوسین و بڵاو کردنەوەی کتێبی بەسوودن وە هەندێکی تریان لە چەند قەناتێکی تەلەفیزیۆنی ناوخۆ وە فەزاییەکان دەرئەچن و ئامۆژگاری خەڵك ئەکەن بۆ تەنها خواپەرستی و واز هێنان لە شیرك و بیدعەو خورافات، هیچ کەسێکی سەلەفی بانگەشەو بانگەواز ناکا بۆ شەخس ئەوەش ئاسانە هەموو کەس ئەتوانێ سەردانی ئەو مامۆستایانە بکات و دەشتوانێ کتێبەکانیان بخوێنێتەوەو گوێ بگرێ لە وتارەکانیان کە زۆربەی تەسجیل کراوەو لە سەر ئەنتەرنێتیش هەیە!

ئیتر دیارە حیزبی وتەکفیریەکان ئەبینن بانگەوازی سەلەفی بڵاو بۆتەوە لە کوردستان بە فەزڵی خوا وە زۆرێك لە موسڵمانان بە چەواشەی ئەو حیزبیو تەکفیریانەی زانیوەو چیتر پێیانەوە ناخەڵەتێ! وە حیزبی وتەکفیریەکانیش بەڵگەیان نەماوەو حوجەیان بەتاڵ بووە بۆیە ئەکەونە بوختان کردن بۆ سەلەفیەکان و ناوو ناتۆرەیان بۆ دروست ئەکەن!

بەو کەسەو هەوادارانی بیری تەکفیرو حیزبیەکان دەڵێم ئێوە چاوتان ئەبینێ سەیر بکەن کێ وەلای بۆ عەلمانی هەبووەو هەیە کێ شەراکەتیان ئەکاو پرۆسەی دیموکراتی سەرئەخات!؟

کێیە مانگانەی لای عەلمانیە کە خۆتان ئەڵێن عەلمانین و دژایەتیان دەکەن!؟

ڕاشکاوانەش پێتان ئەڵێم خیلاف ئێمە لەسەر بنچینەکانی مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعەتە نەك لەسەر شێخ ربيع المدخلي! چونکە ئەو زانایەکەو ڕاست ئەکاو هەڵە ئەکات!

ئێوەی تەکفیری تەکفیری سەرۆکەکان ئەکەن ئێمەش تەکفیریان ناکەین!

ئێوەی تەکفیری موزاهەرەو دەرچوون لەسەر سەرۆکەکان دەشەرعێن ئێمەش ئەوە بە دژی بنچینەکانی ئەهلی سوننەو جەماعەت ئەزانین!

ئێوە بوختانمان بۆ دەکەن کە وەلامان هەیە بۆ عەلمانی ئێمەش پێتان ئەڵێین بەرائەت ئەکەین لە هەموو حیزبێك بەناوی ئیسلامی بێت یان عەلمانی! بەڵام سەرۆك بەکافر نازانین مادام بانگەشەی ئیسلامەتی بکات وخۆی بەموسڵمان ئەزانێ لەگەڵ ئەوەش بە فریشتەی نازانین وبێ گومان هەڵەو تاوانی هەیە بەڵام ئەگەر ستەمکاریش بێت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێ کردوین ئارام بگرین و دژایەتی نەکەین بەڵکو بتوانین نەسیحەتی بکەین و ڕێگای ڕاستی نیشان بدەین.

وە بزانن گەورەترین خیلافی سەلەفیەکان لەگەڵ ئەو تەکفیری و حیزبیانە لەسەر ئەو باسەیە کە ئەو تەکفیری و حیزبیانە دەرچوون و دژایەتی سەرۆکی وڵاتی موسڵمان دەشەرعێنن!

جا كە ئێمەش ڕەدیان ئەدەینەوەو بەڵگەكانمان فەرموودەیە كە لە بوخاری وموسلیمە وە بەڵگەمان اجماع و ووتەی پێشەوایانی سەلەفیە ئەوان ناتوانن وەڵام بدەنەوە دێن بوختانمان بۆ دروست ئەكەن و ناوو ناتۆرەی دەگرنە سەلەفیەكان !

بەڵام خەڵك عەقڵی هەیەو ئەتوانێ سەیری بەڵگەكانی ئێمە بكات ڕاست و ناڕاست لێك جودا بكاتەوە !

وە من لێرە تەنها چەند فەرموودەیەك بیرتان ئەخەمەوەو یەك ووتەی شێخی ئیسلام ابن تیمیە ئەخەمە بەرچاوتان لەگەڵ وتەیەكی قوتابیەكەی ابن القیم رحمهم الله بۆ زیاتر ئەو لینكەتان بۆ دائەنێم كەهەر ڕەددی ئەو جۆرە كەسانەیەو هەڵوێستی ئەهلی سوننە سەیر بكەن بەرامبەری سەرۆكی وڵات كە ئەوە كێشەی سەرەكی بەینی سەلەف و حیزبی و تەكفیریەكانە لەوە تێگەیشتی بۆت دەر ئەكەوێ كێ ڕاستگۆیە لەبانگەشەی بۆ سەلەفیەت وكێ ئەو ناوە بۆ چەواشە بەكار دێنێ !

پێغەمبەر صلی الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( انكم سترون بعدي أثرة وأمورا تنكرونها قالوا : فما تأمرنا یا رسول الله ؟ قال : أدوا إلیهم حقهم وسلوا الله حقكم ) رواه البخاري واتە : ( ئێوە لە پاش من شتی وا ئەبینن =لە دەسەڵات دارەكان= كە مافتان ئەخۆن و بۆ خۆیانی ئەبەن و شتی وا كە ئەزانن تاوانە و ستەمە ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم بە چی فەرمانمان پێ ئەكەی لەو كاتە =كە ئەو ستەمەمان لێكرا= ؟ = پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم= فەرمووی : ئێوە ماف ئەوان بدەن و بیگەینن وە ماف خۆتان لە خوا داوا بكەن ) .

لەو فەرموودە فەرمانمان پێكراوە لەو كاتەی كە سەرۆكی وڵاتمان ستەمكار بوو ماف وەماڵی ئێمەی بەناحەق دەخوارد ئەوە ئارام بگرین و دژایەتی نەكەین لەسەر دونیا بەڵكو ماف ئەو لەسەرمان چیە بیدەین وە ماف خۆمان لە خوا داوا كەین و دوعای بكەین خوا دڵی نەرم بكات مافمان بگێڕێتەوە ئەوە فەرمانی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلى اله وسلم نابێ چاو لە كافران بكەینەوە خۆ پێشاندان بكەین یان مانی بگرین یان دژایەتی سەركردە بكەین و چەكی بەرەو ڕوو هەڵبگرین با بەوەش نەخەڵەتێین هەندێ كەس بەناوی ئیسلام ئەوكارەی ئەكەن ئیسلام لەو كارانە بەریەو ئەوە بۆ خۆ دەوڵەمەند كردن و بودجە زیاد كردنە ! موسڵمان كێشەی دونیا نیە بەڵكو دینە، دونیا بەقوربانی دین ئەكات نەك دین بە قوربانی دونیا !

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( مَنْ كَرِهَ مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا فَلْيَصْبِرْ عَلَيْهِ فَإِنَّهُ لَيْسَ أَحَدٌ مِنْ النَّاسِ خَرَجَ مِنْ السُّلْطَانِ شِبْرًا فَمَاتَ عَلَيْهِ إِلَّا مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً ) متفق علیه واتە : (ئەوەی شتێكی بینی لە سەركردەكەی كە ڕقی لەو شتە بێت با ئارام بگرێ لەسەری چونكە بە تەئكید كەسێك نیە لە خەڵك دەربچێ لە دەسەڵاتدار بستێك جا لەسەری بمرێ ئیللا مردنێكی جاهیلی دەمرێ).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : (من رأى من أمیره شیئا یكرهه فلیصبر علیه فإنه من فارق الجماعة شبرا فمیتته جاهلیة) متفق علیه واتە : (ئەوەی شتێكی بینی لەسەركردەكەی ڕقی بێتەوە لەوشتە با ئارام بگرێ بەتەئكید ئەوەی جودا بێتەوە لە جەماعەت بە قەد بستێك ئەوە مردنەكەی جاهیلیە).

لەو فەرموودانە ئەبینین کە موسڵمان ئەگەر لە گوێڕایەڵی دەرچێت چۆن لە قیامەت بێ بەڵگە ئەبێت! بێگومان دۆڕانی قیامەتیش گەورە ترە لە دۆڕانی دونیا لەبەر ئەوە با لە دونیا ماف خوراو بیت باشترە لەوەی لە قیامەت بێ بەڵگە بمێنی و حیسابی جاهیلانت بۆ بکرێ لەبەر ئەوەی پەیمانی گوێڕایەڵیت لەمل بوبێ مردووی بێ ئەوەی مردووی بێ! جا نەکەی بکەویتە داوی ئەو حیزبی و تەکفیریانەو بتکەنە سوتەمەنی بەرژەوەندی خۆیان!.

وە کاتێك کەسێك بەناوی سلمة بن يزيد الجعفي پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم و ووتی: (يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَرَأَيْتَ إِنْ قَامَتْ عَلَيْنَا أُمَرَاءُ يَسْأَلُونَا حَقَّهُمْ وَيَمْنَعُونَا حَقَّنَا فَمَا تَأْمُرُنَا فَأَعْرَضَ عَنْهُ ثُمَّ سَأَلَهُ فَأَعْرَضَ عَنْهُ ثُمَّ سَأَلَهُ فِي الثَّانِيَةِ أَوْ فِي الثَّالِثَةِ فَجَذَبَهُ الْأَشْعَثُ بْنُ قَيْسٍ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ) رواه مسلم واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا ئایا بینیوتە ئەگەر سەرکردەی وا بێنە سەرمان بن بە سەرۆکمان داوای ماف خۆیان لە ئێمە بکەن و مافی ئێمەش نەدەن و مەنعی بکەن لێمان ئایا چۆن فەرمانمان پێ ئەکەی چی بکەین؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الە وسلم ڕووي لێ وەرگێڕا وەڵامی نەدایەوە دیسان پرسیاری لێ کردەوە دیسان وەڵامی نەدایەوە لە دووەم جار یان سێهەم جار الْأَشْعَثُ بْنُ قَيْسٍ گرتی و لایدا ئەوجا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الە وسلم فەرمووی : گوێڕایەڵی سەرکەردەتان=سەرۆکی وڵاتتان= بکەن بە تەئکید ئەوان بەرپرسن لەوەی لە ژێر دەستیاندایە وە ئێوەش بەرپرسن لەوەی لەسەرتانە هەر کەسەتان لە کردەوەی خۆی بەرپرسیار ئەبێت).

سەیر کەن پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەیفەرموو مان بگرن و وەرنە سەر شەقام بەڵکو فەرمووی گوێڕایەڵ بن تەنانەت لەو کاتەی سەر کردەکان مافیشمان ببەن!

( حذيفة ) ڕەزای خوای لێبێ لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه والە وسلم بۆمان ئەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : (ستكون بعدي أئمة لا يهتدون بهدي ، ولا يستنون بسنتي ، وسيقوم فيهم رجال قلوبهم قلوب الشياطين في جثمان انس قال حذيفة : كيف أصنع ان أدركت ذلك ؟ قال : تسمع وتطيع الأمير ، وان ضرب ظهرك ، وأخذ مالك فاسمع واطع) رواه مسلم واتە : (لە پاش من = پاش پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم = ئیمام و سەرکردەی وا دێن کە لە سەر هیدایتی من نین وە لە سەر سوننەتی من نین ، وە پیاوی وایان تیا هەڵئەکەوێ کە دڵیان دڵی شەیتانەکانەو لە لاشەی ئینسانە =حذيفة= ڕەزای خوای لێبێ ووتی ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه والە وسلم چی بکەم ئەگەر گەیشتم بەم ڕۆژە؟ پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم فەرمووی : گوێ ڕایەڵ بەو لە ژێر فەرمانی ئەمیر بە ئەگەر لە پشتیشی دای وە ماڵیشی بردی لە ژێر فەرمانی بەو گوێڕایەڵ بە).

لەو فەرموودە بە جوانترین شێوە بۆمان ڕوون کراوەتەوە کە ئەگەر سەرۆکی وڵات ئەوەندە ستەمکار بوو شەیتان بێت لە جسمی ئینسان ئەوجا ماڵمان بەزۆر بەرێت و لە پشتمان بدات هەر ئەبێت لە گوێڕایەڵی دەرنەچین و دژایەتی نەکەین، ئیتر ئەوە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە قسەی بریق و باقی کەس مەخەڵەتێن با کەس بۆ گیرفانی خۆی نەتانکاتە سووتەمەنی!.

ئەوە فەرموودەی صەحیحن ئایا ئەو کەسەو تەکفیریەکان پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی الـه وسـلم تۆمـەت بـار ئەکەن بە وەلا بۆ عەلمانی! ! ! ؟ چونکە ئەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الـه وسـلم فـەرمانی کـردووە پێمان ئەگەر سەرکردە دڵی دڵی شەیتان بوو لە جسمی مرۆڤ! وە لێمان بداو ماڵمان بەرێ! وە لەسەر سـوننەت وهیدایەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەبێ! ئەوە هەر گوێڕایەڵی بکەین ودژایەتی نەکەین! ئێمەش دوای ئەو فەرموودانە کەوتوین!

باشە ئەو فەرموودانە هی شێخ رەبیعن یان هی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم! ؟

ئەوەش قسەی پێشەوای ئەهلی سوننە ابـن تیمیـة رحمـه الله : (**وَلِهَذَا كَانَ مِنْ أُصُولِ أَهْلِ السُّنَّةِ وَالْجَمَاعَةِ لُزُومُ الْجَمَاعَةِ وَتَرْكُ قِتَالِ الْأَئِمَّةِ وَتَرْكُ الْقِتَالِ فِي الْفِتْنَةِ. وَأَمَّا أَهْلُ الْأَهْوَاءِ - كَالْمُعْتَزِلَةِ - فَيَرَوْنَ الْقِتَالَ لِلْأَئِمَّةِ مِنْ أُصُولِ دِينِهِمْ وَيَجْعَلُ الْمُعْتَزِلَةُ أُصُولَ دِينِهِمْ خَمْسَةً: " التَّوْحِيدَ " الَّذِي هُوَ سَلْبُ الصِّفَاتِ؛ وَ " الْعَدْلَ " الَّذِي هُوَ التَّكْذِيبُ بِالْقَدَرِ؛ وَ " الْمَنْزِلَةَ بَيْنَ الْمَنْزِلَتَيْنِ " وَ " إنْفَاذَ الْوَعِيدِ " وَ " الْأَمْرَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيَ عَنْ الْمُنْكَرِ " الَّذِي مِنْهُ قِتَالُ الْأَئِمَّةِ.**) **مجموع الفتاوی ج 28 ص 128 و129.**

ئەوە قسەی پێشەوا ابن تیمیة رحمه الله کە دەڵێ: ئەهلی ئەهوا وەك موعتەزیلەکان ئەوەیان کردووە بە بنچینەی دینی خۆیان کە ئەمر بە چاکە کردن و نەهی کردن لە خراپە کە مەبەست لەوە لایان شەڕە لەگەڵ ئیمامەکان! .

وە بەڵێ ئەشڵێ: ئەوە لە بنچینەکانی ئەهلی سوننەو جەماعەتە کە دەست بگرن بەجەماعەت و لەگەڵی بمێننەوە وە واز بێنن لە شەڕ کردن لەگەڵ ئیمامەکان وە لە شەڕ کردن لە فیتنە.

جا ئێوە کە ڕێی موعتەزیلەو ئەهلی هەواتان گرتووە واز بێنن لە سەلەفیەکان، بۆ دەتانـەوێ دواتـان بکـەوین! ؟ نامانەوێ دوای هەوا بکەوین و بەرائەت ئەکەین لە بـیری موعتەزیلـەو ئەمێنینـەوە لـە سـەر بنـچینەکانی ئـەهلی سوننەو جەماعەت و خوای بەرز داوا لێکراوە بۆ سەرخستنمان.

ئەوجا بچمە خزمەتی ووتەی قوتابی شێخی ئیسلام پێشەوا ابن القیم رحمه الله بزانین چیمان پێدەڵێ!

لە کتابی (حادي الأرواح إلى بلاد الأفراح)ی پێشەوا ابـن القـیم رحمـه الله لـە لاپـەڕە 409 دەسـت پێدەکات لـە قوتابیەکی ئیمامی ئەهلی سوننە احمد بن حنبل بۆمـان ئـەوە نـەقلَ ئـەکا کـە ئـەهلی سـوننە ئیجماعیـان هەیـە لەسەری ئەفەرموێ: (ونحن نحكي إجماعهم كما حكاه حرب صاحب الإمام احمد عنهم بلفظه قال في مسائله المشهورة هذه مذاهب أهل العلم وأصحاب الأثر وأهل السنة المتمسكين بها المقتدى بهم فيها من لدن أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم إلى يومنا هذا وأدركت من علماء أهل الحجاز والشام وغيرهم عليها **فمن خالف شيئا من هذه المذاهب أو طعن فيها أو عاب قائلها فهو مخالف مبتدع خارج عن الجماعة زائل عن منهج السنة وسبيل الحق** قال وهو مذهب احمد وإسحاق بن إبراهيم وعبد الله بن مخلد وعبد الله بن الزبير الحميدي وسعيد بن منصور وغيرهم كمن جالسنا وأخذنا عنهم العلم وكان من قولهم أن الإيمان قول وعمل ونية وتمسك بالسنة والإيمان يزيد وينقص ويستثنى من الإيمان غير أن لا يكون الاستثناء شكا إنما هي سنة ماضية سد العلماء فإذا سئل الرجل أمؤمن أنت فانه يقول انا مؤمن أن شاء الله أو مؤمن ارجوا ويقول أمنت بالله وملائكته وكتبه ورسله ومن زعم أن الإيمان قول بلا عمل فهو مرجيء ومن زعم أن الإيمان هو القول والأعمال شرائع فهو

مرجئ ومن زعم أن الإيمان يزيد ولا ينقص فقد قال بقول المرجئة ومن لم ير الاستثناء في الإيمان فهو مرجئ ومن زعم أن إيمانه كإيمان جبريل والملائكة فهو مرجئ ومن زعم أن المعرفة في القلب وأن لم يتكلم بها فهو مرجئ والقدر خيره وشره وقليله وكثيره...**)** سەیر بکەن ئەڵێ : (**فمن خالف شيئا من هذه المذاهب أو طعن فيها أو عاب قائلها فهو مخالف مبتدع خارج عن الجماعة زائل عن منهج السنة وسبيل الحق**) واتە: (ئەوەی موخالەفەی شتێك لەو مەزهەبانە بکا یان تەعنی لێبدا یان عەیب بگرێ لەوەی ئەیڵێ ئەوە موخالیف و موبتەدیعە دەرچووە لە جەماعەت لایداوە لە مەنهەجی ئەهلی سوننەو ڕێگای حەق) . بەڵێ ئێمەش دەڵێین ئەوەی موخالەفەی دەکاتن لەو مەسەلەیەو بە پێچەوانەی مەنهەجی ئەهلی سوننە بڕیار ئەدات و چەواشە ئەکات دەرچوون لەسەر سەرۆکی وڵاتی موسڵمان دەشەرعێنێ ئەوە موبتەدیعەو –ولا كرامە– ئەوەش حوکمی زانایانی ئەهلی سوننەیە والحمد لله! ئەوجا جوملەیەك لە بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەی تێدا باس ئەکات تا ئەگاتە: (والجهاد ماض قائم مع الأئمة بروا أو فجروا لا يبطله جور جائر ولا عدل عادل والجمعة والعيدان والحج مع سلطان وأن لم يكونوا برة عدو لا أتقياء وأتقياء ودفع الصدقات والخراج والأعشار والفيء والغنائم إليهم عدلوا فيها أو جاروا والانقياد لمن والاه الله عز وجل أمركم لا تنزع يدا من طاعته ولا تخرج عليه بسيف حتى يجعل الله لك فرجا ومخرجا ولا تخرج على السلطان وتسمع وتطيع ولا تنكث بيعته فمن فعل ذلك فهو مبتدع مخالف مفارق للسنة للجماعة وأن أمرك السلطان بأمر فيه لله معصية فليس لك أن تطيعه البتة وليس لك أن تخرج عليه ولا تمنعه حقه والإمساك في الفتنة سنة ماضية واجب احترامها فان أبتليت فقدم نفسك دون دينك ولا تعن على الفتنة بيد ولا لسان ولكن اكفف لسانك ويدك وهواك والله المعين والكف عن أهل القبلة فلا تكفر أحدا منهم بذنب ولا تخرجه عن الإسلام بعمل إلا أن يكون في ذلك حديثا كما جاء وما روى فتصدقه وتقبله وتعلم أنه كما روى نحو كفر من يستحل نحو ترك الصلاة وشرب الخمر وما أشبه ذلك أو يبتدع بدعة ينسب صاحبها إلى الكفر والخروج من الإسلام فاتبع ذلك ولا تجاوزه ...**)** سەیر بکەن لێرە بەشێك لەو عەقیدەیەمان بۆ باس ئەکات کە لەوەیە ئەوەی لێی لابدا موبتەدیعە! ئەفەرموێ: **(**والانقياد لمن والاه الله عز وجل أمركم لا تنزع يدا من طاعته ولا تخرج عليه بسيف حتى يجعل الله لك فرجا ومخرجا ولا تخرج على السلطان وتسمع وتطيع ولا تنكث بيعته فمن فعل ذلك فهو مبتدع مخالف مفارق للسنة للجماعة وأن أمرك السلطان بأمر فيه لله معصية فليس لك أن تطيعه البتة وليس لك أن تخرج عليه ولا تمنعه حقه والإمساك في الفتنة سنة ماضية واجب احترامها فان أبتليت فقدم نفسك دون دينك ولا تعن على الفتنة بيد ولا لسان ولكن اكفف لسانك ويدك وهواك والله المعين**)** واتە:

(ملکەچ بوون بۆ تاعەتی ئەوەی خوا عز وجل ئەیکاتە فەرمان ڕەواتان دەست هەڵنەگری لە گوێڕایەڵی وە بەشمشێر لەسەری دەرنەچی هەتا خوا دەرگایەکت وە ڕێگایەکت بۆ دەرچوون بۆ ئەنێرێ وە لەسەر دەسەڵاتدار دەرمەچوو وە گوێڕایەڵبە بۆی وە بەیعەتت لەگەڵی هەڵمەوەشێنەوە هەر کەسێك ئەوە بکات ئەوە موبتەدیعە موخالیفەو خۆی جیا کردۆتەوە لە سوننەت وجەماعەت وە ئەگەر دەسەڵاتدار فەرمانی پێکردی بە فەرمانێ کە مەعسیەتی خوای تێدایە ئەوە لەبۆت نیە بە قسەی بکەیت و گوێ ڕایەڵی بکەیت لەو فەرمانە کە مەعسیەتە بە هیچ شێوەیەك وە لەبۆشت نیە لەسەری دەربچی وە نابێ حەقی ئەو کە لەسەرتە مەنعی بکەی وە خۆ گرتن لە فیتنە سوننەتێکی–ڕێبازو ڕێگایەکی– بەردەوامە واجبە ڕێزی لێبگیرێ ئەگەر توشی ئیبتیلا بویت ئەوە نەفسی خۆت پێشکەش بکە نەك دینەکەت –خۆت بکە قوربانی دینەکەت– وە یارمەتی دەر مەبە لە فیتنە نە بەدەست نە بەزمان بەڵکو زمانی خۆت بگرەو بپارێزە هەروەها دەستت و هەوات بپارێزە لە فیتنە خواش یارمەتی دەرە).

الحمد لله ئەوە ئیجماع و ڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعەتە کە گوێڕایەڵی سەرکردە ئەکەن و لەسەری دەرناچن لەگەڵ ئەوەش لەتاوان بە قسەی ناکەن ئەگەر زیانیش بکەن دونیا و نەفسی خۆیان بە قوربانی دینیان ئەکەن نەك دینیان بەقوربانی دونیا بکەن! وە بەڵێ ئەوەی دەرچێ لەسەر سەرۆکی وڵات ئەگەر فەرمانیش بەتاوان بکات ئەوە موبتەدیعە ئەوەیە قسەی پێشەوایانی ئەهلی سوننە.

جا کێیە دەیەوێ واز بێنی لە ڕێبازی ئەهلی سوننەو دەیەوێ بچێتە سەر ڕێبازی ئەهلی بیدعە! ؟ ئەگەر ئەوەی ڕێبازی ئەهلی بیدعە هەڵدەبژێرێ ڕازی ئەبێ بەو حوکمە بەسەری بدرێ پێی بوترێ: مبتدع! ئەوە با بۆ خۆی خۆی بۆ قیامەتی ئامادە بکات! بەڵام ئێمە ئەمێنین لەسەر ڕێبازی ئەهلی سوننەو زۆری ئەهلی بیدعە و موبتەدیعەکان وە دروشمە بریق و باقەکانیان نامانخەڵەتێنێ بە پشتیوانی خوا، وە تا بۆشمان بکرێ بۆ خەڵکیان ئاشکرا ئەکەین بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتریان بۆ نەخەڵەتێ و بەڵکو ئەوانەی پێشیان خەڵەتاون بەخۆیاندا بچنەوە.

ئەوجا چەند شتێکی تر باس ئەکاو ئەفەرموێ: (فهذه الأقاويل التي وصفت مذاهب أهل السنة والجماعة والأثر وأصحاب الروايات وحملة العلم الذين أدركناهم وأخذنا عنهم الحديث وتعلمنا منهم السنن وكانوا أئمة معروفين ثقات أهل صدق وأمانة يقتدى بهم ويؤخذ عنهم ولم يكونوا أهل بدعة ولا خلاف ولا تخليط وهو قول أئمتهم وعلمائهم الذين كانوا قبلهم فتمسكوا بذلك وتعلموه وعلموه قلت حرب هذا صاحب احمد وإسحاق وله عنهما مسائل جليلة وأخذ عن سعيد بن منصور وعبد الله بن الزبير الحميدي وهذه الطبقة وقد حكى هذه المذاهب عنهم واتفاقهم عليها ومن تأمل المنقول عن هؤلاء وأضعاف أضعافهم من أئمة السنة والحديث وجده مطابقا لما نقله حرب ولو تتبعناه لكان بمقدار هذا الكتاب مرارا وقد جمعت منه في مسالة علو الرب تعالى على خلقه واستوائه على عرشه وحدها سفرا متوسطا فهذا مذهب المستحقين لهذه البشرى قولا وعملا واعتقادا وبالله التوفيق).

ئەو لینکە بکەرەوەو زیاتر لەسەر ئەوباسە بخوێنەوەو ڕەددی زۆرێك لەگومانی بەتاڵی حیزبی و تەکفیریەکان ببینە:

http://www.salafikurd.com/bashehalwashandnawa/hezbeat.pdf

وە ئەوەش مانای سەلەفی دووبارەی ئەکەمەوە غەیری ئەوە بڕوای سەلەفی نیە بوختان کەرەکانیش ئەبێ بەڵگە بێنن کە سەلەفیەك بە پێچەوانەی ئەوەی ووتبێ ئەگینا خۆیان بۆ قیامەت ئامادە بکەن!

**مانای سەلەفی:** دیارە ئیسلام خوای گەورە لە ئاسمان دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەرمان صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەویش بەو پەڕی ئەمانەتەوە بەهاوەڵەکانی گەیاند، وە تەنها ئەوە ئیسلامە کە لە لایەن خوای بەرز بۆ پێغەمبەرمان صلى الله عليه وعلى اله وسلم هاتە خوارەوە هەر بەوەش ئەوترێ ئیسلام کە لە سەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێی ئەوترا ئیسلام هەر شتێك کە لە سەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەبوبێ وە هاوەڵەکان ئاگاداری نەبوو بن ئەوان نەیان گێڕابێتەوە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەوە ئیسلام نیەو بۆمان نیە شوێنی بکەوین، دیارە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم یەك ئیسلام هەبوو کە هاوەڵەکانیش رضي الله عنهم لەسەری بوون هیچ تەفرەقەو خیلاف نەبوو نە حزب حزبێنە هەبوو نە ئەو مەزهەب و ئەو مەزهەب هەبوو بەڵام لە پاشی ئەو سەردەمە زێڕینە خیلاف و لێکترازان پەیدا بوو لە نێو موسڵمانان تا ئەمڕۆ وەك ئەبینین ئەو هەموو مەزهەبە ئەو هەموو حیزبە ئەو هەموو

تەریقەتە .... هەموشی دژایەتی یەکتر ئەکاو هەر کەسە ئەڵێ من ڕاستم! وەك خوای بـەرز ئەفـەرموێ : ﴿كُـلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾الروم 32

ئێمەش ئەڵێین نا هیچ کامێکتان ڕاست نین تەنها ئەو یەك ئیسلامە ڕاستە کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم و هاوەڵەکانی هەبوو رضي الله عنهم ئێمەش ئەبێ تەنها شوێنی ئەو ئیسلامە بکەوین کـە ئەوانی لەسەر بوون و هیچ خیلاف و تەفرەقە نەبوو تەنها (الله)یان ئەپەرست شـوێنی پێغەمبـەر صـلی الله علیـە وعلی الە وسلم ئەکەوتن و هەموو وەك بـرا بـوون ئـەوەش مانـای سـەلەفیە! کـە شـوێنی ئـەو ئیـسلامە بکـەوی پێغەمبەری صلی الله علیە وعلی الە وسلم لەگەڵ هاوەڵەکانی رضي الله عنهم لە سەر بوون نەك ئەو هەموو شتەی کە بەناوی ئیسلام داهێنراوەو پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم لێی بەریـە بـەکورتی سـەلەف یـانی شوێنکەوتنی پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم و هاوەڵەکانی بێ زیاد کردن و کەم کردن ئەوان چـۆن لـەو ئیسلامە تێگەیشتن ئێمەش وا تێبگەین چۆن کاریان پێ کرد ئێمەش وا کاری پێ بکەین ئەوە مانای سەلەفیە .

دیارە کە زۆر کەسانێکیش هەن بە خۆیان ئەڵێن سەلەف بەڵام ئەو پێناسـە نایـان گرێتـەوە چـونکە موخالەفـەی پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم و هاوەڵەکانی رضي الله عنهم ئەکەن بۆ ئەوەی بشیان ناسن بزانن کە لە سەلەفیەت حیزبایەتی نیە وە ئەوەی ئەبینرێ لە کەسانێك ئـەڵێن سـەلەفین کـە خـەڵك تـەکفیر ئەکـەن و ئـەیان کوژن ودەرچوون لەسەر سەرۆکی وڵات دەشەرعێنن بە ناحەق! ئەوە سەلەفیەت لێ یـان بەریـە چـونکە ئەمـەی ئەوان ئەیکەن پێغەمبەری خوا صلی الله علیـە وعلـی الـە وسـلم و هاوەڵـەکانی رضـي الله عـنهم نـەیان کـردووەو ڕێگایان پێنەداوەو نەهیان لێکردووە! ئیتر بە چی سەلەفین ؟!

ئەمە فەرق ناکا لە گەڵ کەسێك ئەڵێ من موسڵمانم بەڵام کارێ بکا موخالیف بە ئیسلام، ئیسلام لێی بەریە ئاوها کەسێکیش بڵێ من سەلەفیم بەڵام بەدرۆو بۆ خەڵەتاندنی خەڵك وموخالەفەی مەنهەجی سەلەف کات و دەرچوون لەسەر سەرۆکی وڵاتی موسڵمان بشەرعێنێ ئەوە سەلەف نیەو هەر شتێك بێ ئەبێ تەنها مەنهەجی سەلەف نـەبێ لێی بەریە!

ئەوەیە سەلەف یانی موسڵمانێکی ڕاستەقینە کە شوێن هیچ لایەنێك و هەواو ئارەزوی کەس ناکەوێ تەنها شوێنی پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم و هاوەڵەکانی رضي الله عنهم ئەکـەوێ وە بـۆ هـەموو کارێـك و هـەڵس و کەوتێکی ووردو درشتی بەڵگەی پێیە کە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیە وعلی الە وسلم وەری گرتووە.

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی مانای سەلەف وە زانینی کە دروستە ئەو ناوە لە خۆمان بنێین ئـەوە فـەرموون لەگـەڵ چەند پرسیار و وەڵامێك کە لە مامۆستاو پێشەوایانی سەلەف کراوە :

سئل الإمام ابن باز رحمه الله – :

ما تقول فيمن تسمى بالسلفي والأثري ، هل هي تزكية؟

فأجاب سماحته :

(**إذا كان صادقاً أنه أثري أو أنه سلفي لا بأس، مثل ما كان السلف يقول: فلان سلفي، فلان أثري، تزكية لا بد منها، تزكية واجبة**).

پرسیارکرا له پێشەوا ابن باز رحمه الله چی ئەڵێی بەوەی ناوی لـه خـۆ نـاوه (سـلفي ) یـان (اثـري) ئایا ئـەوه تەزکیەیە؟ وەڵامی داوه ووتی : (ئەگەر ڕاست بکا بەوەی کە سەلەفی یان اثري ه ئەوه هیچی له سـەر نیـە، وەك ئەوەی كه سەلەف ئه لێن فلان سەلەفی ، فلان اثري، ئەمه تەزكيەكە هەر ئەبێ ببێ ، تەزکیەکی واجبه ) .

من محاضرة مسجلة بعنوان: "حق المسلم"، في 1413/1/16 بالطائف.

هاتووه له فەتوای لیژنەی دایمی سعودی ژماره {6149}{164/2} :

"س: أريد تفسيراً لكلمة السلف ومن هم السلفيون . . . ؟

ج : السلف هم أهل السنة والجماعة المتبعون لمحمد صلى الله عليه وسلم من الـصحابة رضـي الله عـنهم ومـن سـار على نهجهم إلى يوم القيامة، ولما سئل صلى الله عليه وسلم عن الفرقة الناجية قال : "**هم من كان على مثل ما أنـا عليه اليوم وأصحابي**... " .

پرسیار : لێكدانەوەیەكم دەوێ بۆ ووشەی سەلەف وه كێن سەلەفیەكان ...؟

وەڵام : سەلەف ئەوان ئەهلی سوننەو جەماعەتن ئەوانەی شوێنكەوتەی محمدن صلى الله عليه وعلى اله وسلم له هاوەڵەكان رضي الله عنهم وه ئەوانەی لەسەر مەنهەجی ئەوان ئەڕۆن تا ڕۆژی قیامەت ، وه کـه پرسـیار کـرا لـه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەربارەی ئەو كۆمەڵەی ڕزگاریان ئەبێ فەرموی : (ئەوانەن كه له سەر ئەوەن من و هاوەڵەكانمی لەسەره ... ) .

وه هاتووه له فەتوای ژماره {1361} {165/1} :

"س: ما هي السلفية وما رأيكم فيها ؟

ج : **السلفية** نسبة إلى السلف والسلف هم صحابة رسول الله صلى الله عليه وسلم وأئمة الهدى من أهل القرون الثلاثة الأولى {رضي الله عنهم} الذين شهد لهم رسول الله صلى الله عليه وسلم بـالخير في قولـه: {**خـير النـاس قرنـي ثـم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ثم يجئ أقوام تسبق شهادة أحدهم يمينه ويمينه شهادته**} رواه الإمـام أحمـد في مسنده والبخاري ومسلم، **والسلفيون جمع سلفي نسبة إلى السلف**، وقد تقدم معناه وهم الذين ساروا على منهـاج السلف من اتباع الكتاب والسنة والدعوة إليهما والعمل بهما فكانوا بذلك أهل السنة والجماعة. وبالله التوفيق وصـلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم".

پرسیار : سەلەفیەت چیه وه ڕاتان چیه بەرامبەری ؟

وەڵام: سەلەفیەت نیسبەتە بۆ لای سەلەف وه سەلەفیش هاوەڵەكانی پێغەمبەری خوان صلى الله عليه وعلى الـه وسلم وه پێشەوایانی ڕێگای هیدایەتن له سێ سەدەی یەكەم ( رضي الله عـنهم ) ئەوانـەی کـه پێغەمبـەری خـوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم شایەتی به خێری بۆ دانه له فەرموودەی : ( چاكترینی خەڵك سەدەی منن پاشـان

ئەوانەی لە دوایان دێن پاشان ئەوانەی لـە دوایـان دێـن پاشـان قـەومی وا دێـن کـە شـایەتیان پـێش سـوێندیان ئەکەوێ وە سوێندیان پێش شایەتی ) پێشەوا احمد لە موسنەدەکەی گێڕاویەتیەوە وە بوخاری و موسلیمیش ، وە سەلەفیەکان کۆی سەلەفیە نیسبەتە بـۆ لای سـەلەف ، وە ماناکـەی پێـشتر کـرا وەئـەوان ئەوکەسـانەن کـە لەسەر مەنهەجی سەلەفن لە شوێن کەوتنی کتاب و سوننەت وە بانگەواز کردن بۆیان وە ئیش کردن پێ یـان ئـا بەوە بوون بە ئەهلی سوننەو جەماعەت . وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء

عضو:عبدالله بن قعود، عضو:عبدالله بن غديان، نائب رئيس اللجنة:عبدالرزاق عفيفي،

الرئيس:عبدالعزيز بن باز

ئەوجا زۆر شتی تر هەیە کە الحمد لله من بەوەی نازانم پێویست بـێ ڕەددی بدەمـەوە وەك ئـەوەی باسـی شـێخ ربیع المدخلی یان باسی تەزکیە ! چونکە ئەوە خیلاف سەلەف نیە لەگەڵ تەکفیریەکان شێخ ربیع زانایەکە زیـاتر نیە ! مەعسوم نیەو لەهەڵە بەدەر نیە کێ هەڵەیەکی لێ بینیە با بە بەڵگە وەڵامی بداتەوە.

وە باسی تەزکیە ئەوە چەواشە کردنی تێدا چەنکە سەلەفیەکان بە حیزبیـەکان دەڵـێن مەخەڵـەتێن بەتەزکیـەی فلان بۆ فلان لە مەنهـەجی سـەلەف هەرکەسـێ هەڵـە بکـات هەڵەکـەی ڕەد ئەکرێتـەوە وە هـەر ئـەوەش قسـەی سەلەفیە کە پێشەوای ئەهلی سوننە مالك بن انس رحمه الله فەرمووی: (كل يؤخذ من قوله ويرد الا صاحب هذا القبر) هەموو کەسێ قسەی وەردەگیرێ وە قسەشی ڕەد دەکرێتەوە تەنها خاوەنی ئەو قەبرە نەبێ – مەبەست پێغەمبەرە صلى الله عليه وعلى اله وسلم–.

گرنگیەکە لەو ووتەیە ئەوەیە کە مەبەستی ئەو پێشەوایە صەحابە رضي الله عنهم وە تابعين و پێـشوایانی ئیـسلامە ! ئـەی چـۆن قـسەی زانایـانی ئـەو سـەردەمەو قوتـابی وەك ئێمـە مانـان ئەگـەر هەڵـە بـێ ڕەد نادرێتەوە ! ؟

من بەردەوام ووتومە فەرقی سەلەف لەگەڵ حیزبی ئەوەیە کـە سـەلەف هەڵـەی هـیچ کەسـێك قـەبوڵ ناکـا ئەگەر بچوکیش بێ هەڵەکە پاساوی بەتاڵ بۆ کەس ناهێنێتەوە ! بەڵام حیزبی چاوی ئەنوقێنێ بەرامبـەری هەڵەو بیدعەی سەرکردەکانیان لە بیدعەی تەصەوف بیدعەی تەعن دان لـە صـەحابە رضـي الله عـنهم لـە حـەڵاڵ کردنـی حـەرام و حـەرام کردنـی حـەڵاڵ! تەنانـەت سـەرکردەی حیزبـی هەیـە تـەعنی داوە لـە مەلائیکەت! بەوەی دەڵێ ئەگەر مەلائیکەت شەڕ لەگەڵ کورد بکات شەڕیان لەگەڵ ئەکات! جگـە لـەوەی ئەو سەرکردەیان کەوتووەتە شێواندنی حەقیقەتە شەرعیەکان لەسەر مەزهەبی موعتەزیلە لەوەی دەیەوێ بە عەقڵی خۆی قورئان تەفسیر بکات نـەك بـە فـەهمی صـەحابەو تـابیعین! جـارێ حـوکمی مورتـەد ڕەد ئەکاتەوەو گومانی لەسەر دروست ئەکات جارێ تەپڵ و زۆڕناو گۆرانی–کە قورئانی شـەیتانەو ڕێـی زینـاو فجورە وەك ابن القيم لە اغاثة اللهفان ئەفەرموێ– ئەڕازێنێتەوە بەوەی نـەك هـەر حـەڵاڵی کـردووە بـەڵکو

ابداعی هونەری وای کردووە نەمانبیستیبوو هەتا لە زوڕنا ژەن و تەپڵ لێدەرەکانیش! بەوەی ئەڵێ مۆسیقاو گۆرانی سودی هەیە بۆ هەزمی خواردن و نەخۆشی و ڕاوە ماسی و ئاژەڵە شیر دەرەکان و دەواجین! ! ! لەگەڵ ئەوەش حیزبیەکان بێدەنگن دەروێشاتیان بۆ ئەو سەرکردەیە وای لێکردوون بە جواب نەیەن!

بەڵام ئەوەی ڕاستگۆ بێ سەلەفی بێت لە هەڵەی هیچ کەسێك کە بڵاو بێتەوە بێ دەنگ نابێت و بیانوو بۆ هەڵەی کەس نادۆزێتەوە ئەگەر ئەو کەسە ئەهلی سوننە بێ ڕەددی هەڵەکەی ئەدەینەوەو ڕێزیشی پارێزراوە، ئەگەر ئەهلی بیدعەش بێ ڕەددی ئەدەینەوەو خەڵکی لێئاگادار ئەکەینەوە بەوەی نەکەن ئەو جۆرە کەسانە بکەنە مامۆستاو چاو ساغی خۆیان!

ئێمە لەسەرمان واجبە شوێنی ئەوە بکەوین کە خوا عز وجل بۆ پێغەمبەری صلى الله عليه وعلى اله وسلم دابەزاندووە نابێ شوێنی هیچ شتێك بکەوین کە پێچەوانەی ئەوەیە خوا عز وجل دایبەزاندووە وەك خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (3)﴾ الاعراف.

وە قسەی تریش زۆر نوسراوەو ووتراوە بەڵام من چاوەڕوان ئەکەم با بزانین چیان هەیە بیڵێن و بزانن وەڵامیان ئەدەمەوە بە پشتیوانی خوای بەرز بەڵگەش بەینی ئێمەیە لەگەڵ موخالیفەکانمان نەك وەکو ئەوان بوختانمان بۆ دەکەن ئێمە دوای ربيع المدخلي کەوتبێتین و ئەوەی ئەو بیڵێ ئەوە بەڕاست بزانین دەسەیرێکی ڕەددەکانی من وسەلەفیەکان بکەن بزانن بەڵگەکانمان قورئان وسوننەت و ووتەی پێشەوایانی ئیسلامە یان قسەی شێخ ربيع المدخلي! ؟ کەسەیرتان کرد بوختانی ئەو جۆرانەتان بۆ دەرئەکەوێ! وە من ئەوەشتان پێدەڵێم ئەو کەسانە کە خۆیان وا نیشان ئەدەن گوایە حەز بە خیلاف ناکەن بە هیچ شێوەیەك ڕاست نیە ئەگینا بۆ ئەوان دەست پیشخەر ئەبن و دێن بوختان بۆ سەلەفیەکان ئەکەن! لەبەر ئەوە کە ڕەددی من و غەیری من ئەبینن لەسەریان وا مەزانن ئێمە دەست پێشخەر بوینەو ئەمانەوێ خیلاف بخەینە نێو موسڵمانان نا ئەوە خۆیان دەستیان پێکردووە ئێمەش بە واجبی ئەزانین بەرگری بکەین لە مەنهەجی سەلەفی ڕووی ڕاستەقینەی بانگەشەکارانی تەکفیری و حیزبی ئاشکرا بکەین خوای بەرزیش حەق سەردەخات وبوختانیش پەتەکەی کورتەو زوو ئەپسێ!